کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-5-2007 12:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاسایشی سلێمانی لەنێوان سەرکەوتی کوبە و وەستا حەسەن دا... ئاراس

کاك چاودێر ئەشرەف لە پێگەی کوردستانپۆستەوە بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە بەناوی (سەرکەوتی کوبە بۆ لابرا) دیارە ئەم بەڕێزە بەڕەوتێك چمکی بابەتەکەی ئالأنۆتە پەنجەکانی وەك بڵێی ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بێت.. قسەکانی لێك داترازاوە و لەزۆر شوێندا خۆی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە ؛ لەلایەکدا دەڵێت سەرکەوت کوڕەکەی جاران نەماوە و بەرلێشاوی گەندەڵی کەوتووە و لەشوێنێکی تردا دەڵێت دەبوو لێپرسینەوە لەسامانەکەی بکرێت.. (کەئەمەش دانپێدانانێکە کە سامانەکانی سەرکەوت ناشەرعییە و بەهۆی پۆستەکەیەوە بەدەستی هێناوە) لەلایەکی تردا دەڵێت: لابردنی سەرکەوت لەسەر گەندەڵی نیە.. بەهەرحاڵ بائێمە نەبینە کۆڵکە کوێخا و لەچاوی بی چاویلکەی جەماوەرەوە تەماشای ڕاستییەکان بکەین ؛

هەر ماوەیەك لەمەوبەر ئەگەر بیرتان بێت مامۆستا سالح ژاژڵەی لە بابەتێکدا نووسیبووی: (نازانم کاك نەوشیروان لەگەڵ خەڵکانی وەك سەرکەوتی کوبە و دانای ئەحمەد مەجید بەتەمای کام جۆرە ڕیفۆرمێکە باشە کاك نەوشیروان نازانێت سەرکەوت و دانا خۆیان پێویستیان بەڕیفۆرمە) بەم پێیەش دەبی یەکەم کەس بن دەستارەکەی ڕیفۆرم بیانهاڕێت.. دیارە کەم و کووڕتی ئەم بەرپرسانە بۆتە ووێردی سەر زمان و ژێر زمانی ووردو درشتی ئەم میللەتە و بەگاڵتەجارییەوە باسی لێوە دەکەن.. بۆیە با کاك نەوشیروان گلەیی لەبەختی خۆی نەکات کە بەهاوکاری ئەم کەسایەتییانە ڕیفۆرمەکەی هەرەسی هێنا.. دواتر کاکە چاودێر دەڵێت: داوێنی سەرکەوت زۆر لەسەری وەستا حەسەن بڵندترە من لێرەدا وەك کاك چاودێر تفەنگ بەتاریکییەوە نانێم و بەرگری و هێرشی کوێرانە ناکەمە سەر هیچ کەسێك و لەهەموو ژیانمدا چایەکم لەگەڵ وەستا حەسەن نەخواردۆتەوە بەڵام نەك بەتەنها من بەڵکە هەموو خەڵکی دەڤەرەکە شاهیدی ئەو ڕاستییە دەدەن کە وەستا حەسەن پێش ئەوەی بەڕێوبەریش بێت بە تێکۆشان و ماندووبوون و دڵسۆزی خۆی هەمیشە جەستەو وورەیی پۆلاینی یەکەم سەنگەری ڕاستەقینەی بەرەنگاربوونەوەوی تیرۆر و تیرۆریستان بووە.. هەر بۆیە تیرۆریستان چەند جارێك پلانی تیرۆرکردنیان داڕشتووە.. چونکە زانیویانە کەتەنها وەستا حەسەن سووری بەر لەشکری قەلاچۆکردنیانەو کاکەسەرکەوت بریتیە لە بریستیج و ئەتەکێتی رووکەش و کەشخەیێتی.. دواتر کاك چاودێر باس لەکۆمەڵێك ئەگەر دەکات و دەڵێت ئەگەر سەرکەوت دزو داوێن پیس و گەندەڵ بێت ئەوا وەستا حەسەن دەیان جار لەو خراپترە من نازانم کی باسی دزی و داوێن پیسی.. هتد کردووە بەڵام تەواو ئاشکرایە کەلەدز و داوێن پیس وایە هەموو کەس دزو داوێن پیسە.. ئەوەی پەیوەستە بە سەرکەوتی کوبەوە حاشا هەڵنەگرە ؛ ڕووی داوە سەرکەوت بەرپرسی سەیتەرەیەکی گواستۆتەوە تەنها لەبەر ئەوەی چاودێری نەکات کە مانگانە چەند کەڕەت بەرەو کابینەکانی دوکان دەچێت.. ئەوانەی زۆر ڕقیشیان لە وەستا حەسەنە و دانویان لەگەڵێشیا ناکوڵی بەدەپەنجە ئەو ڕاستییە مۆر دەکەن کە وەستا حەسەن نموونەی دەست و داوێن پاکییە... وەستا حەسەن بەهەق هەمیشە جەربەزەو خۆنەویست بووە.. تەنها بیستنی ناوی تۆقێنەر بووە بۆ تیرۆریست و تێکدەرەکان.. سەرکەوتی کوبە زیاتر لە دەساڵە بەڕێوبەری ئاسایشەو بە ماندوو بوونی دوو تێکۆشەری وەك وەستا حەسەن لای بەرپرسەکان خۆی بردۆتە پێشەوە کەچی تازە بەتازە لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیدا دەڵی: لابردنم پەیوەندی بەکووتلەگەرێتیەوە هەیە و دەڵی من هەرگیز کووتلە چێتیم نەکردووە بەڵام باس لەوە ناکات چۆن هەر بەبیستنی هەواڵی لابردنی ڕاستەوخۆ کەوتە پلان دانان و کارگەیشتە ئەوەی کەلەشەوی 6/5_5 دا پیاوەکانی هەوڵیاندا ئەو کارە تەواو بکەن کەچەند ساڵە تیرۆریستەکان بۆیان تەواو نەکراوە ئەویش تەقە کردن بوو لە وەستا حەسەن و هەوڵی تیرۆر کردنی بوو... یەکێك ڕۆژی لەڕۆژان خۆی بەڕیفۆرمخواز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-5-2007 12:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زانیبی شەرمە بڵێت نازانم لەسەر چی لابراوم چونکە ڕیفۆرم خوازی ڕاستەقینە پێویستە دژ بەپاوان کردنی دەسەڵاتی سەرتانسەری بوەستێت ئەگەر مەسەلەکە کووتلەگەریتی بوایە خۆ بەرێوبەری ئاسایشی گەرمیان سەر بەهێڵەکەی تاڵەبانییە و بەهەمان شێوە لەپۆستەکەی دوور دەخرێتەوە.. کەواتە لەم ڕۆژگارەدا دەستەواژەی کووتلەگەریتی بووە بەو بزمارە ژەنگاوییەیی کە گەندەڵەکان هەموو کەم و کوورتییەکانیانی خۆیانی پیا هەڵدەواسن و لەپشتییەوە خۆیان دەشارنەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.